# پاپا و ئیمام خومەینی...

محەمەدی کەریمی
ڕۆژنامە نووسی سەر بەخۆ

سەرئەنجام (کارل وویتیلا) ناسراو بە پاپ ژان پۆلی دووهەم، ڕێبەری ئایینی و لە هەمانکاتدا سیاسی گشت کاتۆلیکەکانی جیهان لە دوای 27 ساڵ حکومەت بە سەر واتیکاندا، لە دواین سەعاتەکانی ڕۆژی شەممە دووهەمی مارسی دووهەزار و پێنجی زایینی، دڵی لە لێدان کەوت و پاپا بۆ هەمیشە ماڵاوایی لەم جیهانە پڕ لە دەردی سەریە کرد و ڕەوانی خۆی شاد کرد.

مەرگی پاپ گشت جیهانی مەسیحییەتی ماتەمبار کرد و ڕاگەیاندنەکانی جیهانی لانی کەم بۆ چەند شەو و ڕۆژ گرتە خۆی. هەموو چاودێرانی سیاسی پێیان وایە، کە پاپ ژان پۆلی دووهەم، سیاسیترین پاپی لانی کەم ئەو سەدەیە بوو.

پۆل ئەو کەسە بوو کە لە دوای مەسیح کلیسای دامەزراند. مێژوویش شایەتی بۆ ئەم ڕاستییە دەدات، کە پاپ ژان پۆلی دووهەم، لە دوای پۆل یەکەم پاپای سیاسی مێژووی کاتولیکە لە جیهاندا.

شەخسییەتی ژان پۆلی دووهەم. شەخسییەتێکی چەند بوعدی بوو. ئەبعادێکی، کە ڕوانگەی جیاواز لە یەکدی و زۆرجاریش دژ بە یەکدی بوون.! بۆ وێنە لە ڕووی سیاسییەوە پاپا یەکێک لە پاپا لیبراڵەکان و یەکێک لە پاپا ئازادیخوازەکانی کاتۆلیک بوو. لە کاتێکدا هەر ئەو پاپایە، لە ساحەی فیقهی و کەلامی مەسیحیدا، یەکێک لە محافیزەکاران و یەکێک لە پاپا سونەتگەڕاکانی مێـژووە.

ئەوەی کە بە لای مێژووەوە گرنگە و جێگەی بایخ پێدانە و لە بۆ هەتاهەتایشە لە مێژوودا دەمێنێتەوە و ناسردرێتەوە، ڕوانینی یەک بوعدی پاپ ژان پۆلی دووهەم بوو کە دەتوانین کورت و کرمانجی لە دوو خاڵی گرنگدا بیبرینەوە. یەکەم ، چارەنووسی شەخسی خودی پاپ و دووهەم چارەنووسی دایکی نیشتمانی پاپ واتە لێهستان بوو لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا. ئەم وڵاتە و ئەم بەرێزە، هـەر دوو قوربانی دوو ڕژیمی توتالیتری خوێنخور بوون.
ڕژیمی نازیسمی هیتلیری بە سەدان و بگرە بە هەزاران لێهستانی هاووڵاتی پاپیان سووتاندو کوشت. بلشویسم و ستالینیسم نزیک بە 50 ساڵی ڕەبەق سینگی حکومەتی نیزامیان بە سەر لێهستان و زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوای ئوروپادا داکووتابوو.....! پاپ هەموو ئەم ڕوودان و بەسەرهاتانەی بە چاوانی خۆی بینیبوو.

بوعدێکی دیکەی ڕوانینی پاپ، بوعدێکی زەمانییە. پاپ لە 1978 دا دەبێتە پاپ و لە دوای نزیک بە دووساڵ دوای ئەم ڕوودانە، دۆناڵد ڕێگانیش دەبێتە سەرۆک کۆماری ئەمریکا.
ڕێگان، یەکێک لە دوژمنە سەر سەختەکانی شورەوی و کۆمۆنیزم بوو.
ئەوە ڕۆناڵد ڕێگان بوو کە شەڕی ئەستێرەکانی ئاسمانیی جیهانی ڕاگەیاند و بە ڕەسمی و بە ڕاشکاویش، شـوورەوی وەک دیکتاتۆرێک لە جیهاندا ناوزەت کرد و لە بەر دەم دیواری بیرلێن لە ئەڵمان و بەرەو ڕووی گشت جیهان گووتی : ئەم دیوارە بڕوخێنە جەناب ئاقای گۆرباچۆڤ........!

دروست لەو کاتانەدا کە زلهێزێکی وەک ئەمریکا، خەبات و تێکۆشانێکی بێوچان و شەڕی دژ بە ئوردگای کۆمۆنیزم دەست پێــکرد........لەو لایشــەوە، لە ڕووی ئیدئۆلۆژی و مەزهەبی و لە ڕوانگەی ڕەوانییەوە،

ڕاپەڕین و بەرپابوونی بەرخۆدان لە لێهستان و بە ناو ئازادکردنی ئەم وڵاتە و دوایەیش هەنگاونان بەرەو ئازادی سەرتاپای ڕۆژئاوای ئوروپا، کە یەک لە دوای یەک خۆیان لە ژێر سەیتەرەی ستالینیسم و جێگرەوەکانی ستالین کێشایە دەرەوە، سەریان هەڵدا و سەر لە نوێ و بە گشتی خۆیان خستەوە ناو ئامێزی ئوروپاوە.!

پاپ ژان پۆلی دووهەم سەبارەت بەم سەدەیە زۆر بەدبین بوو.!
ئێستەکەیشی لە گەڵ بێت، پاپ هەر پێی وایە، ئەم سەدەیە، سەدەی ناکامییەکانی مرۆڤە، لەرووی گەشە پێدان و پەرەسەندنی مەعنەویاتی مرۆڤەوە.! چەند جارێکی دووپاتە کردەوە و گووتی : ئەم سەدەیە، سەدەیەکی پڕ لە دەردی سەرە.......!
هەر لەم ڕووەوە پرسیارێکی دیکە دێتە ئاراوە، کە ئایە پاپ دژی مۆدیرنیزە کردن نەبوو.؟؟

مۆدیرنیزە زۆر مانا دەگرێتە خۆی، بەڵام گەر بێتو مۆدیرنیتە بخەینە ناو قاڵبێکی ئازادی و مرۆڤییەوە، ئەوسا لە پاڵ ئەم قاڵبەوە بڕوانینە پاپ. دەتوانین بڵێین : پاپ زەحمەتێکی زۆری لە ڕێگەی ئازادی مرۆڤ و مرۆڤایەتی چێشت و کێشای. پتر لە 120 وڵاتی جیهان گەڕا و سەری لە زۆر شوێنی نزیک و دووردا. بە کورتی، پاپ پیرێکی جیهاندیدە و گەڕیدە و لە دنیا باخەبەر بوو......!

گەرچی پاپ لایەنگری عەداڵەتی کۆمەڵایەتی بوو، کـەچی لە ناو بازنەی ئاین و دینداریدا، لە ئاست بڕیاراتی وەک هاوجنسبازی و حەبی حامیلەگی و ئەو شتانەی کە ناویان ناوە پۆست مۆدیرنیزە، ڕاوەسـتا. بەم جۆرە و لە باری فەلسەفیشەوە پاپ خاوەنی تیرۆانینێکی دوو بۆعدی بوو. دوو ڕوانینی جیاواز لە یەکدی.

ڕەنگە ئەم ڕاستییە بۆ زۆر کەس سەیر بێت، کە هەڵبژاردنی ژان پۆلی دووهەم بۆ پاپایەتی جیهانی کاتولیک، دروست ڕێککەوت و هاوکات بوو، لە گەڵ سەرکەوتنی ئیسلام لە ئێران و لە گەڵ دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی و دیاریکردنی ئیمام خومەینی بە ناوی وەلی ئەمری موسلمین و ڕێبەری موستەزعەفانی عالەم.!
نابێت لە بیریشمان بچێتەوە کە ئەم هەڵبژاردنە، واتە هەڵبژاردنی ژان پۆلی دووهەم بۆ پاپایەتی و لە 1978 دا، لە واقیعدا بووە یەکەمین پاپی هەڵبژاردەی غەیرە ئیتالی، لە دوای تێپەڕبوونی 455 سـاڵی دوور و درێژ. لە 1978 داو دروست لەو کاتانەدا، کە پاپی ئەعزەم، وەک ڕێبەرێکی ئایینی بۆ گشت جیهانی کاتۆلیک دیای دەکرا..... لە تاران و بۆ جیهانی موسلمینیش، ڕێبەرێکی ئایینی سەری هەڵدا و لە پڕرا و لە زۆر شوێنی جیهان، بوو بە هەرا و بوو بە هەڵـــلا و لا الا ایللـەڵلا....؟

لە وانەیش گرنگتر ئەوەیە، کە پاپ دروست لەو سات و کاتانەدا دێتـە ساحەوە کە جیهانی بە ناو ئازادی و دیموکراسیش بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێن. پاپ هات و بووە یارمەتیدەر و مەدەدکارێکی بە کەڵکی ئەم ڕەوتە مێژوویـە و یارمەتییەکی زۆریشی گەیاندە ئەم ڕەهەندە، بە تایبەتی لە لێهستان و بە پاڵپشتی ڕاستەوخۆ لە ڕاپەرینەکانی ناوخۆی ئەم وڵاتە........... لەو لاتری جیهانیشەوە، هاوکات لە تەک ئەم ڕەوت و ڕەفتارانە، شۆڕشێکی ئایینی دیکە بەرپا کرا، بە ڕێبەری ئیمام خومەینی و دروست بە پێچەوانەی ئەو ڕەوتە کەوتە ڕێ و........ بەو جۆرە حکومەتێکی توتالیتاری ئایینی بە سەر گەلانی ئێران وجیهاندا سـەپا و...........! لەو کاتانەوە تاکاتی نووسینی ئەم گووتارە، پەنجەرەکان دژایەتی یەکدی دەکەن و بە بەر چاوی گشت جیهانەوە دیارە کـە پەنجەکان هەر وا خەریکی شکاندنی یەکترین.!

ئەم یارییە چەندە دەکێشێت و لە کوێ و کەنگێ کۆتایی پێدێت.؟ هێشەکەیش دیار نییە.

ژیانی گشتی جیهان خۆی لە شەڕی جیهانی پێشکەوتە و دواکەوتە گرێ داوە.
بە بێشک و گومان، سەرئەنجام جیهانی پێشکەوتە سەرکەوتەیە، بەڵام بە چ قیمەت و بە چ نرخ و بەهرە و بە چ سودێک و بە چەنێک خوێن ڕشتن و کوشتن و نەهێشتن و......؟

بە کورتی و بە وردی دەتوانین بڵێین : ڕێبەرانی مەسیحی پایە بەرز وەک پاپ کە خۆی کوری پاراستنی حورمەتی مەسیحییەتە، بەرەو ئازادی مروڤ و مافی مرۆڤ هەنگاو دەنێن. بەڵام هەڵوێستی جیهانی ئیسلام، پێچەوانەی ئەم ڕێ و ڕێبازانەیە. پێی وایە مافی مرۆڤ و ئازادی ستراتیژیی سیاسی رۆژئاواییەکانە.
وەک دەڵێی گەلانی ژێردەستەی ئەم بەر و ئەو بەری ناوچەکەیش، دەبووایە و ئەشێت مەزە و زەمزەمەی هێزی سەرکوتکەری تۆتالیتر و فاشیسمیان پڕبە پێست و ئێسک و مێشکی خۆیان بچێژشتایە.....، لۆ ئەوەی قەدر و قیمەت و بایخی ئازادی بە باشی بزانن و دیموکراسیش لە دوور و نزیکەوە بناسنەوە.

خومەینی و پاپ هەر دوو ڕۆیشتن. بەڵام وەک دیارە، خاوەنی ڕێگە و ڕێبازی هەردووکیان ماون و جێگرەوەکانیشیان پاڵپشتی ڕێگەیانن. کە واتە ئەم ڕەوت و ئەو ڕەهەندانە، هەر ماون و نەڕۆیشتوون و بەجێیان نەهێشتووین.....!
ئەم هەویرە، دەریایەکی ئاو، یان واباشترە بڵێین خوێنێکی فرەی گەرەکە، سا بۆئەو گەل و وڵاتەی کە لە هەوڵ و هیممەتی ئەوەدایە کە تێبگات لۆ ئەوەی زووتر و زیاتر پێیبگات.

تێگەیشتن واتە پێگەیشتن.!
جیهان و مرۆڤ کاتێک بە ئارامی و ئاسودەیی دەحەوێنەوە و دەحەسێنەوە، کە کۆمەڵێکی یەکسانی و یاسا سەروەر و سالاری گشتی بێت، لە هەرشوێنێکی دوور و نزیک.